# شەونم

هۆنراوەی (39)

دوش در حلقه ما قصه گیسوی تو بود

دوێ شەوێ نەقڵی مە پرچی رەش و لوولووی تۆ بوو
موو بە مووی باسەکە تا نیوەشەوێ مووی تۆ بوو
دڵ بە تیری موژەکەت گەرچی لە خوێن دا گەوزی
ئێستە هەر چاوی لە تیر خستنی زووزووی تۆ بوو
خوا ببووریێ لە سەبا بۆی گوڵی رووی تۆی هێنا
ئەگینا کێ خەبەری لەو گوڵی ون بووی تۆ بوو
لە شەڕ و شۆری ئەوینێ خەبەرێکی نەبوو کەس
گڕی ئەو ئاورە لە رەوتی وەکوو ئاهووی تۆ بوو
ماوەیەک بوو ئەمن ئارام و سڵامەت دەژیام
داوی رێی تەیری دڵم پەرچەمی هیندووی تۆ بوو
وەکە بەندی یەخە تا وەکرێ دڵی من کە بە دڵ
ئۆگری سینگ و بەرۆکی وە بەهەشت چووی تۆ بوو
تۆ و وەفات لادە لە سەر مەرقەدی حافز کەڕەتێک
چونکە ئاواتی دڵی دینی چەلێک رووی تۆ بوو

حافزی حەقیقی